www.kurdistannet.org

29-11-2006 8:15 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ناوچە ئازاد کراوەکانی دوای ڕووخانی ڕژێم ... ئەیوب کوردی

Ayoob_kurde@yahoo. com



ساڵەهای ساڵ بوو ئەوناوچانە پشت گوی خرابوون لە دوای نسکۆی بەهاری ساڵی 1975وە حکوومەتی ناوەند بڕیاری دابڕانی بەشێکی زۆری کوردستانی دەرکرد بۆ ئەوەی شارە کوردییە گەورەکانی وەکو هەولێرو سلێمانی و کەرکوک و دهۆک لاواز بکات و بەئارەزووی خۆی کۆنترۆڵی سەرجەم شارەکانی کوردستان بکات بۆ ئەم مەبەستەش ئەو شوێنانەی لە کوردستان دابڕی لەبەر ئەوەی باش دەیزانی لانەی شێرانەو ئەگەر لەسەر شارەگەورەکانی کوردستان بمێنی بەهیچ شێوەیەك کۆنترۆڵی کوردستانی پێناکرێت، بۆ نموونە لە شاری کەرکوك چوار شارۆچەو 16 شارەوانی و نزیکەی زیاتر لە 2000دێی دابڕی کە ئەمانە بوون. شارۆچکەی چەمچەماڵ و شارۆچکەی دووز خورماتوو وشارۆچکەی کفریو شارۆچکەی خانەقین ئەمانەو شارەوانییەکانی سەر بەو شارۆچکانەو دێهاتەکانیان، لەدوای ڕووخانی ڕژێم خەڵکی ئەم شار شارۆچکەو شارەوانیو دێهاتانە سۆزی خاك و زێدی باب و باپیران دڵ و دەروونیان هاتە هەژان و بەهیچ شێوەیەك خۆیان بۆ نەگیرا چوونەوە سەر شارۆچەکەو شارەوانی و دێهاتی و وێرانەو یەکسەر حکوومەتەکانی هەرێمیش لە گواستنەوەی فۆرمی بایع و ئاسانکاری تر بۆ گواستنەوەیان دەسبەکار بوون، بەڵام بەهیچ شێوەیەك یارمەتی ماددیو مەعنەوی لە ئارادانەبوو لەدوای سی ساڵ زیاتر لە ڕووخانی ڕژێم لەلایەن حکوومەتی ناوەندو حکوومەتی کوردستانیشەوە هیچ یارمەتییەکی ماددی و مەعنەوی لەئارادانییە، ئەگەر سەرژمێرییەکی بە ئینسافی ئەو شارۆچکەو شارەوانی و دێهاتانە بکەین دڵنیام زۆر لە خەڵکی هەولێرو سلێمانیش زۆر ترن کەچی داهات و دەستکەوتی هەمووکوردستان بۆ ئەو دووشارە خەرج دەکرێت و شوێنە تازە ئازاد کراوەکانیش لە لایەن حکوومەتی کوردستانەوە پشتگوێ خراوەو چاوەڕوانی ڕەحمەتی حکوومەتی ناوەندو بڕیاری 140ی دەستووری هەمیشەی ئێراقن بەڵکو کەمێك بۆ دووشارە گەورەکەش لەو بڕیارە سوودمەند بن و چەند پڕۆژەیەکی زەبەلاحی پێ ئەنجام بدەن ولەسەر حیسابی شوێنە تازە ئازادکراوەکان خۆیان هەڵکێشن و بڵێن ئێمەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئێوەمان گێڕایەوە سەر شوێن و زێدی باوباپیرانتان، ئێمەش چەپڵەیان بۆ لێدەین و بڵێین دەستتان خۆش ئێوە نەبوونایە هەرگیزاو هەرگیز چاومان بەو شوێنانەی خۆمان نەدەکەوتەوە هەتا هەتایە، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچی بۆ شوێنە تازە ئازادکراوەکان نەکردووە بەهێزوو بازووی جەنگاوەرانی هاوپەیمانیش ئازادکراوە ئیتر دەمەویت بزانم هاوکارییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەڕێژەی 17%ی هەموو واریداتی ئێراق وەردەگرن چین؟ و کوان؟و لەکوێن؟

من لێرەدا ناوی حزبم بەهیچ شێوەیەك نەهێناوە لەبەر ئەوەی ئەگەر حزب یارمەتی خەڵکی خۆی دابێت ناچێتەواری یارمەتی گشتییەوەو بە چلاکی حکوومەت نازمێردرێت بەهیچ شێوەیەك لەکۆتاییدا ئەوەماوە بڵێم خوای مەزن مالکی دڵنەرم بکات و بەزەیی بە ئێمەدا بێتەوەو بڕیاری 140ی دەستووری هەمیشەی عێراق جێبەجی بکات بەڵکو پێویستمان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەبێت لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەردووحکوومەتەکەی سەرەتای ئازادبوونی ناوچەکانمان و تاکو سی ساڵیش لەدوای ئازادبوونمان وەهەروەها لەگەڵ ڕێزمدا بۆ حکوومەتی کابینەی پێنجەمی هەرێمی کوردستانی تازەش

کەهێشتا هیچمان لێی نەبینیوە، خۆزکە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی تەنیا ڕۆژێك سەردانی هەر چوار شارۆچکەی ناوبراوو شارەوانییەکانیو چەندێهاتێکیان دەکردوو دەگەڕانەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لەدوای ئەو سەردانە دڵنیام یان پارەیەکی باش بۆ ئەو شوێنانە خەرج دەکەن یاخود ...... ئەویان بۆخۆیان دەهێڵمەوە چونکە پێشینان گوتوویانە (تێر ئاگای لە برسی نییە) .